ڕەشید وسەفەدی جێخت لەسەر پێویستی کۆتاییهێنان بە ململانێ و گرژییەکان دەکەنەوە

سەرۆک کۆمار لەمیانی پێشوازیکردنی لە وەفدی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئوردن جێختی لەسەر پێویستی کۆتاییهێنان بە ململانێ و گرژییەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی کردەوە.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کۆتووە، بڕاویکردەوە"سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید لە کۆشکی بەغدا پێشوازیکرد لە ئەحمەد سەفەدی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئوردن و وەفدی هاوڕێی .

وتیشی لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا سەرۆک کۆمار بەخێرهاتنی وەفدەکەی کردو جێختی لە گرنگی پتەوکردنی پێیوەندییەکان و هەماهەنگی نێوان پەرلەمانتارانی عێراق و ئوردن و ئاوگەکردنی ئەزموون و شارەزایی کردەوە لەنێوانیان هەروەها پێویستیی پەرەپێدانی پێیوەندییەکان لە بوارەکانی بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولا لە پێناو پتەوکردنی پێیوەندییە برایانەکان .

ڕەشید ئاماژەی بە بارودۆخی ناوچەکە کرد و جێختی لەسەر پێویستی کۆتاییهێنان بە ململانێ و گرژییەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی کردەوە و کارکردن بە پتەوکردنی ئاسایش و سەقامگیری بەپێویست

زانی و تەئکیدی لەسەر هەوەستی عەراق لە پشتیوانیکردن لە گەلی فەلەستین بە بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی کرد.

سەرۆک کۆمار ستایشی بەستنی دانیشتنی گشتی پەرلەمانی عەرەبی کرد لە بەغدا و تەئکیدی لێوە کردەوە کە ئێم کارە بەرجەستەکردنی ئەو پێیوەندییە پتەوەیە کە عەراق لەگەڵ براکانیدا دەبەستێتەوە و ڕێنگدانەوەی پەرەشی عەراقە بە پشتیوانیکردن لە پرسی کاری هاوبەش.

لەبەرامبەردا ئێندامانی وەفدی
میوان خواستی حکومەت و گەلی ئوردنیان بە پتەوکردنی پێیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی برا و پەرەپێدانی هەماهەنگی لەبوارەکاندا دووپاتکردەوە.